

# جلوبەرگی میللی و کولتووریی چینی دەبێتە مۆد



شـێوازەکانی جلوبـەرگ ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـەرەو تازەگـەری و نوێـکاری دەچـن، هەندێکیـان جێـی سـەرنج و سەرسـوڕمانن، وەك جلوبەرگـی میللـی و کولتووریـی چینـی، کـە ئێسـتا بۆتـە یەکێـك لـە جلوبەرگـە باوەکانـی بـواری مـۆدە، تەنانـەت لـە زۆربـەی نمایشـەکاندا دادەنرێـت، ئـەو جلـە پێـی دەگوترێـت (هانڤـۆ) کـە لـە سـەردەمی شانشـین (شینگ)ی دەسـەڵاتدار دەرکەوتـووە، سەرنجڕاکێشـیی ئـەو جلـە لەوەدایـە کـە لـە سـێ پارچـە قومـاش پێـك هاتـووە، یەکێکیـان بەشـی سـەرەوەی مـرۆڤ دادەپۆشـێت و ئـەوەی دیکـەش بەشـی خـوارەوە و پارچەکـەی دیکـەش بـۆ سـەر دەسـت و مەچـەك بەکاردێـت، نرخـی ئـەو جـۆرە جلانـە دەگاتـە (٢٠٠) دۆلار، کـە تەنیـا چەنـد پارچـە قوماشـێکە و بەپێـی پێوانـەی کەسـەکە دەیـدوورن، لـە ئێستاشـدا وەك جلێکـی بـاو لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهانـدا دەپۆشـرێت.

# سەرکێشیی بەلەمە مارەکان



بەلەمی مار، یەکێکە لە سەیرترین شێوەی بەلەمەکان، کە شێوەی وەك مار درێژ و باریکە، تەنانەت خێرایی ئەو جۆرە بەلەمە هێندە زۆرە کە ئێستا بۆتە ڕێگەیەك بۆ سەرکێشی، سەرەتای بیرۆکەی دروستکردن بۆ (٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، درێژیی ئەو جۆرە بەلەمە (٣٦) مەترە و جێگەی زیاتر لە (١٥) کەسی تێدا دەبێتەوە، هەروەها نزیکەی (٩) مانگی پێویستە تا بەلەمێکی لەم جۆرە دروست بکرێت. ئەو بەلەمە بە ناوی (Palliyodam) دەناسرێت، ئێستا بۆ پێشبڕکێ بەکار دەهێندرێت، چونکە خێراترین بەلەمە کە بە دەست سەوڵ دەدرێت و دەڕوات، هەرچەند شارەزایانی بووارەکە دەیانەوێت ئامێرەکانی پاڵدان لەسەر ئەو بەلەمە مارانە ببەستن، بەڵام بەو ئاکامە گەیشتوون کە باشترە شێوازە کۆن و کلاسیکییەکەی بمێنێت، کە بە دەست دەڕوات.



# ژەمە ماری سوورکراوە



لومات، گوندێکە دەکەوێتە وڵاتی ڤێتنام، ئەو شوێنە بە زۆریی مار بەناوبانگە، چونکە ژمارەیەکی زۆری مار لەو ناوچەیەدا دەژین، تەنانەت مارەکانی ئەو شوێنە گۆشتیان خۆشە، هەر بۆیە زۆربەی چێشتخانەکانی ئەو ناوچەیە بوونەتە شوێنێك بۆ سوورکردنەوەی مار،کە بە جۆرێك سوور دەکرێنەوە و دەبرژێندرێن، وەك ئەوەی گوشتی باڵندەیەك بێت، جاران خەڵکی ئەو شوێنە خوێنی ماریان وەك چارەسەرێك بۆ نەخۆشی و سەر ئێشە بەکار دەهێنا، بەڵام دواتر بیرۆکەی ئەوەیان کە ئەگەر گوشت و خوێنەکەشی نۆش بکەن، ئایا چ سوودێکی دەبێ؟، بەم چەشنە ئێستا لە تەواوی چێشتخانەکانی ئەو ناوچەیەدا گۆشتی دیکە باو نییە و ناخورێت، تەنیا گۆشتی ماری سوورکراو و برژاو نەبێت، نرخی هەر ژەمە مارێك (٦٠) دۆلارە، مارێکی کۆبرا بەشی (٦ تا ٧) کەس دەکات.







# گرانترین پێڵاو



ماوە ماوە گرانترین پێڵاو نرخەکەی ئاشکرا دەکرێت، ئێستاش وەك سەرکێشی و پێشبڕکێیەکی لێهاتووە، کە زۆرترین نرخی پێ دەدرێت، دواجار لە شاری دوبەی ئیمارات، گرانترین پێڵاوی جیهان نمایش کرا، ئەو پێڵاوە پێی دەگوترێت پێڵاوی ئەستێرە و مانگ- The Moon Star Shoes لە دیزاینی دیزاینەری ئیتالّی (ئەنتۆنیۆ فێتری)یە، پێڵاوەکە لە زێڕی عەیار (٢٤) دروست کراوە، لە (٢٤) قیرات پێکهاتووە، نرخەکە دەگاتە ١٩,٩ ملیۆن دۆلار، پێڵاوەکە بە دەست دروست کراوە، ئەوەی بەلای خەڵکەوە سەیرە، ئەوەیە کە بۆچی زیاتر پێڵاوی ئافرەتان دەخرێتە ئەو جۆرە سەرکێشییە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دیزاینەرە ئیتاڵییەکە دەڵێ: «پیاوان هەرگیز پێڵاوێکی لەم جۆرە لە پێی ناکەن، بەڵام ئافرەتان شانازیشی پێوە دەکەن.»




## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە گرنگیی ژینگە دەکات، کە ڕۆژێك دێت داروبار دەبێتە سامانێکی بە نرخ و لە جێگەی دیاری و خەڵات پێشکەش دەکرێت.



## بازدانی نەهەنگ

نەهەنگ بە گەورەترین گیانلەبەری ئاوی دادەنرێت، هەندێکیان ئەوەندەی باڵەخانەیەکن، کە تا ئێستا ماون و لەناو نەچوون، ڕەنگە سەیر بێت بگوترێت نەهەنگێك باز دەدات و خۆی هەڵدەدات، بەڵام ئەوە ڕاستییە، لە کۆماری دۆمۆنیکان لە زەریای باکووری ئەتڵەسی نەهەنگێك لە کاتی بازداندا کەوتۆتە بەر زوومی کامێراکان و وێنەی گیرا، ئەو کەسەی وێنەی بازدانی نەهەنگەکەی گرتووە، کەسێکی ئەمریکییە بەناوی (جۆدی فێردیانی) و ئەو شوێنەش بە ماڵی نەهەنگەکان دادەنرێت، ئەو نەهەنگەی کە وێنەی گیراوە، بە نەهەنگی قۆپاو دادەنرێت و لە ڕەنگی ڕەساسی و ڕەش و سپی تێکەڵە، کێشی دەگاتە زیاتر لە سێ تۆن.




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بێخەم دامەنیشە، بەڵکو باشترە بیر لە داهاتووت بکەیتەوە و لە ئێستاوە هەوڵی بۆ بدەی، هەنگاوەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، ئاگاداری خۆت بە و تێکەڵ بە کێشەی کەسانی دەوروبەرت مەبە، ئەگەر هەر گرفتێکیشت هاتە پێش، ئەوا بە هێمنی و زانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

پێویستە خۆت لەگەڵ دەوروبەرت بگونجێیت، کارێك مەکە لە داهاتوودا ببێتە مایەی پەشیمانبوونەوەت، ئارام بە و هیچ بابەت ء مەسەلەیەکی هەستیار لەگەڵ دۆستەکانت مەورووژێنە، ڕەنگە لەم ماوەیەدا دەست بە چەند چالاکییەکی نوێ بکەیت و بچیتە قۆناغێکی جیاوازەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بە قسەی کەسانی دیکە کاریگەر مەبە، ڕێگەی ژیانی خۆت بگرە و ئەوەی لەسەرتە جێبەجێی بکە، ئەم ماوەیە بێزاریت پێوە دیارە، بەڵام هیچ پێویست بە نیگەرانی ناکات، ئەوە گرفتێکی کاتییە و گوشارەکان لەسەرت کەم دەبنەوە، ڕەنگە لە بواری سۆزداریشدا بە کاتێکی هەستیار و ناسکدا تێپەڕ ببیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بڕیارەکانت بە جوانی بدە و کارێك مەکە کە لەگەڵ کەسانی دیکە ببێتە کێشە و ناکۆکی بۆت، ئەو ماوەیە لەگەڵ کەسێك بە یەکەوە زۆربەی کار و ئەرکەکان بەڕێ دەکەن، بەڵام هەست بە نارەحەتی و دڵەڕاوکێ دەکەیت، زیاتر چاودێریی کاوروبارەکانت بکە، چونکە هێشتا بارودۆخ ئاسایی نەبۆتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

شێوازی بیرکردنەوەت لە کەسانی دیکە جیاوازە و زۆربەی جار دەبێتە هۆی کێشە بۆت، مەهێڵە کەسانێك بیرکردنەوەی خۆیان بە سەرتۆدا بسەپێنن، دڵنیابە داهاتووت بەرەو باشی دەچێت، هێمنیء ئارامیی خۆت لەدەست مەدە ء واقیعییانە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت هەڵسوکەوت بکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕێگە بە کەسانێك مەدە بچنە نێو نهێنیی و کاروباری ژیانت، کەسێکی لێهاتووی و بیرکردنەوەی جیاوازت هەیە، هەمیشە دڵخۆش و گەشبین بە، ڕەنگە کەسانێکی نەخۆش، یان زیندانی، یان بێچارە و تەنیا پێویستیان بە دڵدانەوە ء هاوکاریکریی تۆ هەبێت، تۆش پشتگوێیان مەخە.

# بیرکردنەوە و فەلسەفە



**بنچینەی ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی**

پرۆتۆگراسی سۆفیست ساڵانی (٤٨٧ تا٤٢٠) پێش زانین ژیاوە، لە بارەی مرۆڤەوە گوتوویەتی: «مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە»، مەبەستی لەوە بووە کە سەرتاپای باشە و خراپە و ڕاست و هەڵەیە و هەمیشە دەبێت بەپێی پێویستیی مرۆڤ هەڵبسەنگێندرێت. کاتێك سەبارەت بە بڕوابوون یا نەبوون بە خوداکانی یۆنان پرسیاریان لێ کردووە، لە وەڵامدا گوتوویەتی: «ئەم بابەتە سەختە و ژیانی مرۆڤیش کورتە»، لەو سەردەمەدا ئەو کەسەی نەیتوانیبێت بە ڕوونی دەربارەی بوون و نەبوونی خودا بڕوای خۆی دەربڕێت، پێیان گوتووە (ئەگنۆستیك) بە واتای ئەوەی کە کەسێك گومانی لە بوون و نەبوونی خودا هەبێت. سۆفیستەکان سەفەری زۆریان بە جیهاندا کردووە، بەم جۆرە شێوەی حوکمڕانیی جۆراوجۆریان بینیوە و سەرەنجیان لە دابونەریت و یاسای جیاوازی وڵاتان داوە، لەم ڕوانگەیەوە گفتوگۆیەکی لەو شێوەیان لە ئەسینا هێنا کایەوە، کە بنچینەی ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتییان لە شاری ئەسینا دامەزراند.

## پوختەی فیلم




**بەستەڵەك — Frozen 2**

فیلمێکی ئەنیمەیشنی سەرنجڕاکێشە، دوای ئەوەی لە بەشی یەکەمدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، ئەمجارەیان لە ساڵی ٢٠١٩ بەشی دووەمی بەرهەمهێنرا، کە تەواوکەری بەشی یەکەمە و باس لە هەردوو کچە شا (ئێلسا و ئانا) دەکات، کە دەیانەوێت شانشینەکەیان بپارێزن، بۆیە دوچاری نەهامەتی دەبنەوە و پارێزگاری لە ماڵ و ناوبانگی خۆیان دەکەن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٣) خولەکە، لە دەرهێنانی (جینیفەر لی و کریس بیۆوك)ە، لە وڵاتی بەلجیکا کاری لەسەر کراوە و لە نواندنی دەنگی (ئەدینا مێنزێل و کریستین بێل و جۆش گاد)ە.



## پەند و وتە

ئۆسکار فینگل ئۆفلاهێرت وێلز وایلد، نووسەری ئیرلەندی کە لە ساڵی (١٨٥٤) لە ویسلاند لە دبلن لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٩٠) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی مرۆڤی باش و خراپ دەڵێ: «جیاوازیی نێوان مرۆڤی باش و خراپ ئەوەیە کە مرۆڤە باشەکان ڕابردوویان هەیە، بەڵام مرۆڤە خراپەکان داهاتوویان هەیە و بۆیان دەچێتە سەر.



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك کەللەسەر هەن، هەوڵبدە لە ماوەی (١٠) چرکە بزانە چەند کەللەسەر لەوانە ڕاستەقینەن و چەندی دیکەش بووکەڵەن.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کەسێکی بەهەستیت و زوو لە کەسانی دەوروبەرت تێدەگەیت، بەڵام شێوازی مامەڵەت توندە و قسەکانت کاریگەرییان لەسەر کەسانی دیکە هەیە، بۆیە بە وریاییەوە مامەڵە بکە، بیرکردنەوت فراون دەبێت ء ڕەنگە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کیشەکەشت بدۆزیتەوە، گەشتێکی بەسوود ئەنجام دەدەیت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کەسانی دەوروبەرت بە باشی لە کارەکانت دەگەن، تۆش هەنگاوەکانت بە ڕێکی جێبەجێ بکە و مەهێڵە کەسانی دیکە کاریگەری لە سەرت دروست بکەن، ئاگاداری خۆت بە، ئەم ماوەیە کەمێك تووڕە و توند دەردەکەویت و هەڵچوون بەسەرتدا زاڵ بووە، گۆڕانکاری لە هەڵوێستە هەڵەکانتدا بکە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەرکەکان قورسن و ماندووت دەکەن، بەڵام ئەو ماندووبوونە بۆ داهاتووی خۆت بەسوود دەبێت، ئەو کەسەی خەریکە لەگەڵت دەبێتە هاوەڵ، زیاتر متمانەی پێ بکە، چوست و چالاکی ء گەشبینیت پێوە دیارە، ڕەنگە لەگەڵ خۆشەویستەکەت دیدارێك بکەن ء زیاتر دڵخۆش بیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

خاوەنی کار و چالاکیی زۆری، بەتایبەت ئەو ماوەیەی ڕابردوو چەندین بیرۆکەی جوانت بە کەسانی دەورووبەرت بەخشیوە، ئەم جارەیان خۆت کاریان بۆ بکە و سەرکەوتووش دەبیت، پێویستە لە مافەکانت بپێچیتەوە و فەرامۆشیان نەکەیت، چونکە کەسانێك بە دوای ئەوەوەن کە مافەکانت زەوت بکەن.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەو هەنگاوانەی ئەنجامیان دەدەیت، هەستێکی خۆشت پێ دەبەخشن، چونکە کەسێکی دڵگەورە و خاوەن بیرۆکەی جوانیت، ڕێگەیەکی ڕاستت هەڵبژاردووە، ئارامی و هێمنیی خۆت بەدەست دەهێنیتەوە، ئەم ماوەیە زۆر بیری دۆستێکت دەکەیت و ئارەزووی دیداری دەکەیت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

نزیکبوونەوەت لەگەڵ کەسانی دیکە توانای کۆمەڵایەتیت دەردەخات، هەوڵەکانت جێگەی بایەخی کەسانی دەوروبەرن، بیر لە داهاتووت بکەوە و پاش بەسەربردنی بارودۆخێکی ناهەموار و نالەبار، دۆخەکە دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەبواری سۆزدارییەوە دڵخۆش دەبیت.